# دوو كوورتە شيعری
# ئەفلاتۆن

وەرگێڕانی: حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

– ١ –

بۆ ئاگاتۆن

کاتێ هاوڕێکەم، ماچ ئەکەم
واهەستەکەم
ڕۆح لەسەر لێوانمە و
بەڕاستی ڕۆحێکی داماوە،
ئەیەوێ ڕۆچێتە دوو توێی جەستەیەوە !!

* * *

ئەم سێوەت بۆ ئەهاوێژم ؛
گەر منت خۆشەوێ بیگرەوە. .
دە لێگەڕێ با شیرینی جوانیت بە دڵ بچێژم !!
خۆ گەر خوا نەکا، لێم بەگومانی
سێو بە هەوادا فڕێدە. .
ئیدی بە چاوانی خۆت ئەیبینی؛
کە چەند کوورتە عومری جوانیی !!

– ٢ –

بۆ ئەستێر (*)

یەکەم:

چاوت بڕیووەتە ئەستێران
ئەی ئەستێرەکەم!!
خۆزگە ئەبوومە ئاسمان
تا بتوانم،
بە چاوانی هەزاران ئەسێرەوە لێت بڕوانم !!



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

**دووەم :**

**ئەی ئەستێرەکەم!**

**جاران لەنێو زیندووانا**

**وەك سپێدەی بەیان ئەدرەوشایتەوە. . .**

**وا ئەمێساکەش،**

**ئەستێرەی ئاوابوونی و**

**لەنێو**

**مردووانا**

**ئەدرەوشێیتەوە !!!!**

(*) **ئەستێر : بە مانای ئەستێرە دێ لە زمانی یۆنانیدا.**

(**) **ئەفلاتۆن / یان پلاتۆ [ ٤٢٧ – ٣٤٧ پ. ز] زانا و فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی و سەرا پای گەردوون، لە پاڵ ئەوەدا کە خاوەنی چەندشاکار وپەڕاوێکی فەلسەفی جیهانییە، کەچی دەرهەق بە شیعر و هونەر تێڕوانینێکی ڕەشبین و سەیری هێناوەتە ئاراوە، گوایە شیعر کارێکی نەگەتیڤانە و خراپ بەسەر دەروون و ڕەوانی خەڵکیدا جێدێڵێ. . . . .**

**بۆیە ئەفلاتۆن ـ وەك شاعیرێك ـ جێی سەرسووڕمانە و هەر لەو پێودانگەوە حەزمان کرد ، نموونەی شیعری پلاتۆش بە خوێنەری کوردزمانی**

**ئازیز بناسێنین !!!**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣